# پێشنیارێک بۆ کوردوستان نێت باوکی هەلۆ گەرمیانی

لەورۆژەی دکتۆر کەمال سەید قادر دەست گیر کراوە زۆر نووسین نووسراوە هەر نووسەرێك بە پێی هەست و بۆچوونی خۆی بۆئەوکێشەیە نووسی وێتی. وە دوای بیستنی 30 سال زیندانی بەسەر دکتۆر کەمال دا جۆری نووسینەکان گۆراوە و شێوازێکی کەی بەخۆوە بینیوە. وە وا دوەئەکەوێ دادگای هەولێر هیچ دەسەڵاتێکی نیە وەسەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئیدارەی هەولێر هەردوو بەرێز (کاك مسعود وکاك نێچیرڤان) هەتا ئێستا هیچ وەڵامێکی ئەم هەموو نووسینانەیان نەداوەتەوە. بۆیە بەپێویستم زانی ئەم پێش نیارە پێش کەش بە سایتی کوردوستان نێتی هەموو جەماوەری کوردوستان بکەم:-

داواکارم لەبەرێزکاك عومەر بەشێك لەسایتەکە تەرخان بکات بۆ کۆکردنەوەی (ناوو و کارو جێگای) ئەوبەرێزانەی پشتگیری لە دکتۆر کەمال ئەکەن بۆ ئازاد کردنی. وەدانانی ماوەیەك بۆئەم کارە وەلە دوای دا هەرلەرێگەی کوردوستان نێتەوە پێش کەش بە هەموو پارتەسیاسیەکانی کوردوستان و سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردوستان و سەرۆکی ئیدارەی سلیمانی وهەولێر و دەستگای مافی مافی مرۆڤ و هەردوو ژوری دادوەرانی سلیمانی و هەولێر و هەموو لایەنە پەیوەنیدارەکان.